

# نازێ عەزیزی
# بەخۆشەویستی نهێنی
# بێ دەنگی شکاند

***ماوەیەکە خانمە هونەرمەندی رۆژهەڵاتی کوردستان نازێ عەزیزی لە شاری هەولێرە و خۆی ئامادە دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمێکی نوێ دوای چەند ساڵێك لە بێدەنگی نەبوونی بەرهەمی نوێ، هەروەها لەو ماوەی هەواڵی جیابوونەوەی نازێ و هاوسەرەکەی لە دەزگاکانی راگەیاندن بڵاوکرایەوە، بۆ ئەمە مەبەستە و بۆ باس کردنی چەند مەسەلەیەکی دیکەی تایبەت بە خۆیەوە لە بەسەرکردنەوەیەکدا ئەم گفتوکۆیە دروست بوو.***

### لەسەر (کوردستان) لە تاران دەستگیرکرام

سەرەتا نازێ عەزیزی دەربارەی هۆکارەکانی دوورکەوتنەوە و بێدەنگی ئەم دوو ساڵەی دوایی گوتی: بێدەنگی من بۆ چەند هۆکارێکی تایبەت بە خۆم دەگەڕێتەوە لەوانەش نەخۆشییەکەی من بوو کە ماوەیەکی زۆری خایاند، بەڵام دواتر هێواش هێواش توانیم بگەڕێمەوە و ئەو بێدەنگییەم بشکێنم بە گۆرانی و شیعری تازە کە پێشکەشی جەماوەری بکەم.

نەخۆشییەکەم کاریگەری زۆری بەسەر باری تەندروستی من هەبووە لە هەمان کاتدا کاریگەریشی هەبوو لەسەر باری دەروونی من، بەڵام سەرەڕای ئەمەش نەبووە هۆی دروستبوونی گرفت بۆ من بەڵکو بووە هۆکاری ئەوەی کاری جوانتر و باشتر پێشکەش بکەم و هەنگاوی باشتر بەرەو ئایندەی هونەری خۆم بنێم.

## ژیانی هاوسەرێتیم پێک نەهێنابوو

دەربارەی کاریگەری جیابوونەوەی لە هاوسەرەکەی بەسەر باری دەروونی و تەندروستیشی نازێ عەزیزی دەڵێ: دیارە من ژیانی هاوسەرێتیم پێك نەهێنابوو وەك هاوسەر تەنیا دەستگیران بووین، بەڵام کاریگەرییەکەی ئەوە بوو کم هەستم بەوە کرد لە ژیاند شکستم خواردووە ئەمەش تا رادەیەك ناخۆش بوو، بەلام ئێستا ئەو هەستەم نییە و هەست دەکەم ئەوەی روویدا لە رابردوو وەك کاغەزێکی سپییە و هەڵمداوەتەوە و لاپەڕیەکی نوێم دەستپێکردووە بە تەجروبەیەکی تازە و دیدێکی جوانتر بەرەو ئایندە و ئەو رۆژەی کە من بە ئاواتم پێی بگەم، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین خۆشی و ناخۆشی لە ژیانی هەر کەسێکدا دەبێ هەبێت و دروستکەری رەوشێکی ناتەواون یان تەواوکەری رەوشێکی ناتەواون و دەبێ لە ژیانیدا مرۆڤ بەم دوو بارودۆخەدا تێپەڕ ببێت و بیانبینێت.

## لەبەر ناوی کوردستان گرفتیان بۆ دروستکردم

دەربارەی ئەو هەواڵانەی کە گوایە لە ئێران گیروگرفتیان بۆ دروست کرابوو، نازێ عەزیز دەڵێ : من لە ئەوروپا بووم کاتێك گەڕامەوە لە تاران دەستگیر کرابوون و پاسپۆرتەکەشیان لێ سەندبوومەوە، دوای ماوەیەك لەم کێشەیە نەخۆشییەکەی من دەستیپێکرد، دەمەوێ ئەوەش بڵێم دەستگیر کردنی من لە تاران بە هۆی بڵاوکردنەوەی سیدی (کوردستان) بوو، هەروەها لە لایەن چەند حزبێکی سیاسی کوردییەوە گۆرانییەکانم لە دەزگاکانیان نمایش دەکرا بۆیە پێیان گوتم گۆرانییەکانت سیاسین و تۆش خۆت لە ئێران دەژی ئەمە کارێکی پێچەوانەی یاسایە، دەتوانم بڵێم ئەمانە



هەموویان هۆکاربوون بۆ ئەوەی ماوەیەك لە کاری هونەری دووربکەومەوە .

## ئێستا سەرقاڵی سیدییەکی نوێم

دەربارەی کاری نوێی هونەری کە ئێستا دوای دابڕان خۆیان بۆ ئامادە دەکات، نازێ عەزیزی دەڵێ: من ئێستا سەرقاڵی ئەنجامدانی کارەکانی سیدییە نوێیەکەمم و لەبەر ئەوەشە گەڕاومەتەوە کوردستان و چەند بەرهەمێکم لێرە دروستکردووە، هەندێکیان لە وڵاتی تورکیا و دووبەرهەمیش لە ئەوروپا، کارەکانی قۆناغێکی زۆریان بڕیوە تەنیا ماوە دەنگیان بخەمە سەری هەندێکیان دەنگیشیان خراوەتە سەر، تا ئێستا هیچ لایەنێك دیاری نەکراوە بۆ ئەوەی بە ئەرکی بڵاوکردنەوەی هەستێت، بەڵام چەند لایەنێکی باش هەن بڕیاریان داوە بۆمی بڵاوبکەنەوە، چونکە بەرهەمەکانم کاری زۆر باش و نوێن و زۆری تێیدا ماندوو بووم و گشت کارەکانی خۆم کردووەمە لە شیعر و دابەش کردن و میلۆدی و مۆسیقا هەموویان خۆم کردووەمە .

وەك گوتم چەند کۆمپانیایەك ئامادەیی خۆیان دەبڕیوە، نامەوێ ناوی هیچیان بهێنم، بەڵام سێ کۆمپانیا ئێستا چاوەڕێی سیدییەکەی منن، ناوەڕۆکی گۆرانییەکانیشم باس لە خۆشەویستییەکی نهێنی و خۆشەویستی وڵات دەکات، هەروەها گۆرانی تێدایە بۆ سروشت و سروشتی مرۆڤەکان، و بەشێوەیەکی راستەوخۆ باسی خۆشەویستی کچم بۆ کوڕ نەکردووە، بەڵام گوزارشت لە خۆشەویستی کچ دەکات بۆ کوڕ کە کچێکی کوڕێکی خۆش دەوێت هەستی چۆن دەبێت، بەشێوەیەکی گشتی هەموویان گوزارشت لە واقعی تاڵی ژیانی من دەکەن و سەرەڕای ئەو کۆسپانەی هاتوونەتە سەر رێگام بڕیارمداوە کۆڵ نەدەم و بەردەوام بم لە کاری هونەری .

## من خۆم بەختەوەر دەزانم

دەربارەی گرفتی بڵاوکردنەوەو چاپ کردنی بەرهەمی هونەری کە ئێستا بووەتە گرفتێکی نوێ بۆ هونەرمەندانی کوردستان، نازێ عەزیزی تا رادەیەك رای جیاوازە لەگەڵ هونەرمەندانی دیکە و لەم بارەیەوە دەڵێت: سیدیی یەکەمم چەند کۆمپانیایەك بۆیان بڵاوکردمەوە، هەروەها لە سیدی دووەمیش بێ ئەوەی من لە نزیکەوە ئاگاداریش بم هەموو کارەکانیان بۆ جێبەجێکردم، هەرچەندە زۆر هونەرمەند گلەیی لە نەبوونی کۆمپانیای بڵاوکردنەوەی هونەری دەکەن، بەڵام ئەوەی راستی بێت من وەك نازێ عەزیزی تووشی ئەو کەند و کۆسپە نەهاتووم کە هونەرمەندان باسی لێوە دەکەن، لە سیدی (کوردستان) هەر یەکە لە کاك عیرفان زەنگەنە و کۆڕەك میوزیك و ئارو و ئەربائیلۆ هەموویان دەستپێشخەربوون بۆ کارەکەم و حەزیان دەکرد بڵاوی بکەنەوە، بەڵام لە کۆتاییدا بەر کۆڕەك میوزیك کەوت، راستە ئەنجامدانی کاری سیدییەك خەرجییەکی زۆری دەوێ و هەرچەندە کۆمپانیاکانیش ناتوانن هەموو خەرجییەکە بۆ هونەرمەند بگەڕێننەوە، بەڵام بەشێکی زۆری دەگەڕێننەوە، من سیدی یەکەمم لەسەر ئەرکی خۆم بوو، سیدی دووەم وەزارەتی رۆشنبیری تەواوی خەرجییەکەی دامەوە لە سیدی سێیەمیش بە هەمان شێوە پارەکەم دەدەنەوە، بۆیە من خۆم زۆر بە بەختەوەر دەزانم کە تووشی ئەو کەند و کۆسپانە نەهاتوومەتەوە،لە یەکەم بەرهەمەوە خەڵك منی ناسی بۆیە هەست دەکەم کە خوا لەگەڵمە، چونکە زۆر لە خانمە هونەرمەندی دیکە هەن کە تووشی گرفتی نەبوونی لایەنێك بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان هاتوونەتەوە.

بەڵام دەبێ ئەو راستییەش بڵێم کە لەم سیدییەدا ماندووبوونێکی زۆرم چەشتووە خۆم چوومە کارم لە باخچەکاندا کردووە، چونکە من خۆم ئەندازیاری کشتوکاڵیم، هەروەها دایکیشم یارمەتی زۆری داوم.

## تەواو پێچەوانەی کارەکانی ئێستا کارم کردووە

دەربارەی سیدییە نوێیەکەی و ئەگەری سەرکەوتنی نازێ عەزیزی دەڵێ: هیچ بەرهەمێکی سەرکەوتنی سەد دەر سەد نییە و هەمووی رێژەییە، بەڵام تا رادەیەکی زۆر لێیان رازیم، چونکە بە تەواوی پێچەوانەی ئەو بەرهەمانەی ئێستا هەیە و پێشکەش دەکرێن من کارم کردووە، لە هەڵبژاردنی شیعر و مۆسیقا.

پێوەری سەرکەوتن لە لای من یەکەم جار دەروونی خۆتە وەك هونەرمەند ئینجا جەماوەر، چونکە دەڵێن هەر شتێك لە دڵ هەڵقوڵا بێت لە دڵیش دەنیشێت بۆیە منیش بڕوام بەوە هەیە بەرهەمە نوێیەکەم بە تەواوی بە دڵی جەماوەر بێت و لە کۆتاییشدا نازێ عەزیزی گوتی: تا کاری نارەسەن نەبێت کاری رەسەن دیاری ناکرێت، ئێمە وەکو کورد دیسکۆ و پۆپ و دانس و هەموو جۆرە هونەرێکی جیهانیمان پێویستە بۆ ئەوەی لەگەڵ جیهاندا بڕۆین، پێویستە هەوڵ بدەین دڵی گەنجان رازی بکەین منیش لەم سیدییە تازەیەمدا دڵی هەموو عاشقان رازی دەکەم.

**دڵی هەموو عاشقان رازی دەکەم**





## کەتایون ڕەیاحی (زولێخا):

# زولێخا

**زنجیرەی تەلەفزیۆنی (یوسفی راستگۆ) یەکێکە لەو زنجیرانەی کە جەماوەرێکی زۆر لەسەرتاسەری جیهان بە کوردستانیشەوە بەتامەزرۆییەوە چاوەڕێی هاتنی دەکەن، و تا ئێستا وەرگێڕدراوتە سەر چەند زمانێك، یەکێك لە کاراکتەرە سەرەکییەکانی ئەم زنجیرەیە خانمە هونەرمەنی ئێرانی (کەتایون ریاحی) یەکێە کاراکتەرە سەرەکییەکانی ئەم زنجیرەیە خانمە هونەرمەندی ئێرانی (کەتایوون ریاحی) یەکە رۆڵی (زولێخا) دەبینێت، کەتایوون ساڵی ١٩٦١لە تارانی پایتەختی ئێران لە دایکبووە سەرەتای ژیانی هونەری بە نووسینی لە بواری منداڵان دەستپێکرد، دواتر رووی لە بواری سینەماکرد بە فیلمی (پایز)، تا ئێستا چەندین خەڵاتی جۆراوجۆری بەدەستهێناوە، بەشداری لە چەندین فیلمی سینەمایی کردووە لەوانەش: دواسات، کەشتی بەلجیکا، کیسەڵ، ئەم ئافرەتە قسە ناکات، هەروەها بەشداری لە ژمارەیەك زنجیرەی تەلەفزیۆنی کردووە لەوانەش: پاڵەوانەکان نامرن، دوای باران، شەوی دەیەم، یوسفی راستگۆ. کەتایوون لە چوارچێوەی دیمانەیەکیدا لەگەڵ کەناڵی (الکوثر) بەمشێوەیە باس لە زنجیرەکە دەکات.**

### لە چیرۆک نووسینەوە بۆ نواندن

سەرەتا دەربارەی رووکردنە بواری نواندن و زنجیرەی (یوسفی راستگۆ) کەتایوون دەڵێ: بەر لەوەی کاری نواندن بکەم چیرۆکی منداڵانم دەنووسی دواتریش دەستم کرد بە نووسینی کورتە چیرۆك و چیرۆك درێژ و سیناریۆی فیلم بەمەش چەند دەرهێنەرم ناسی و باسی سیناریۆکانم دەکرد لەگەڵیان، پێدام ئەمەش رێگای نواندنی، بۆیە ئاسان کردم و دەرفەتی نواندنیشی پێدام بۆ من پێموایە ئەو چیرۆکانەی کتێبە ئاسمانیەکان باسیان کردووە سەرەتایی هەموو ئەو چیرۆکانەن کە بۆ مەبەستی هونەری نووسراونەتەوە، دەربارەی چیرۆکی حەزرەتی یوسف کە چیرۆکێکە لە قورئاندا باس کراوە، دەرهێنەر هەولێر بە تەواوی وەك ئەوەی قورئان بێت، بەڵام تەنیا لە قورئانی پیرۆز باس نەکراوە بۆیە خەڵکێکی زۆر لە ئایینی و مەزهەبی جیاجیا لەسەرتاسەری جیهان ئاگاداری ئەم چیرۆکەن و سوپاس بۆ خوا ئێمە لەو کەسانەبووین کە ئەم کارە هونەرییەیان پێشکەش کرد.

من ئێستا بیر لە کاری دەرهێنان ناکەمەوە و هەر خەریکی نووسین دەبم، بەڵام لەوانەیە لە داهاتوودا بیری لێبکەمەوە، دەربارەی مەکری زولێخاش لە راستیدا من پێموایە ئەمە بەشێك بوو لە کاروانی ژیانی زولێخا، بەڵام دەربارەی ئافرەتان بە گشتی نازانم ئەمە تا چەند وایە وبڕیاری لەسەر بدەم، چونکە سروشتی مرۆڤ جیاوازە .

**بە زولێخا چەندین کەسایەتیم نواند**

**دەربارەی رۆڵی زولێخا و هەڵسەنگاندنی خۆی بۆ ئەم رۆڵە کەتایوون دەڵێ:**

وەك ئەکتەرێك ئەم رۆڵە بە تەحەددایەکی گەورە دادەنێم وەك ئەوەی بڵێی بە نواندنی رۆڵی زولێخا نزیکەی دە کەسایەتیم نواند، چونکە لە قۆناخە جیاجیاکاندا هەستم بەشتی جیاواز دەکرد لەم کەسایەتییەدا، بە بۆچوونی خۆم دەکرێ زیاتر سەرنجراکێش بێت، چونکە فەزایەکی زۆر هەیە کە دەتوانم لە چوارچێوەیەدا بەشێوازی جیاجیا رۆڵی خۆم ببینم، بەڵام پێموایە بەشێك لەو رۆڵەی من نواندنم هەڵقوڵاوی کەسایەتی منە و ئەو شتەیە کە من دەتوانم لێی فێربم و لەگەڵیدا گەشەبکەم.

ئەم رۆڵە هەڵکشان و داکشانی زۆری تێدایە، بۆیە یەکێك لەو هۆکارانەی زۆر سەرنجی راکێشام زەحمەتی رۆڵەکە بوو، وەك دەزانن زولێخا بە چەند قۆناخێکدا تێپەڕدەبێت وەك گەنجی دواتر پیری و بە ساڵاچوون و چاو لە دەستدان من ئەم هەموو رۆڵانەم نواندن لە زنجیرەکە، بێگومان ئەمەش کارەکە تا رادەیەك زەحمەت دەکات، بەڵام ئەوەی زۆر یارمەتیدام لە نواندن ژیان بوو لەگەڵ زولێخا، من بۆ ماوەی سێ ساڵ لەگەڵ زولێخا ژیام، هەرکاتێك پێویست بوا دەگریام، من ئازارم دەکێشا و دەم ناڵاند، بە دوای (یوسف) دا دەگەڕام، ئەم هەموو قۆناخانە ژیاوم و



# ـــەرنجی ڕاکێشام








فۆتۆ: نێرداوی گوڵان بۆ تاران

یارمەتیدام بۆ ئەوەی زولێخا جیانەبوومەوە پێکەوە ژیاوین و جولاوینەتەوە و لەبەردەم کامیراشدا بە هەمان هەست دەردەکەوتم.

مکیاژ گرفتی زۆری بۆ دروستکردم

لە زنجیرەی (یوسفی راستگۆ) دا مکیاژ رۆڵێکی گرنگی هەبوو بەتایبەتی لە رۆڵی زولێخا بەپیری، کەتایوون دەڵێ: لە ماوەی وێنەگرتندا من رۆژانە لە نێوان سێ تا شەش کاتژمێر مکیاژم هەڵدەگرت هەندێك جار لە کاتژمێر سێی بەیانییەوە دەستمان بە وێنەگرتن دەکرد، بۆیە بۆ ماوەی شەش کاتژمێر نەمدەتوانی مکیاژەکەم پاك بکەمەوە، کارەکە زۆر زەحمەت بوو، دەربارەی مکیاژی کاتی چاو لە دەستدان پێویستە ئەوە بڵێم لەو رۆژانە کە دیمەنەکانی پیری زولێخامان وێنەدەگرت و دەمامکیان لەسەرچاوم دادەنا هیچم نەدەبینی، هەروەها لەبەر ئەو شتانەی لەسەر ددانەکانیان دادەنام نەمدەتوانی هیچ بخۆم ئەمەش وەرزشێکی روحی جوانە، بێگومان ئەمەش کاریگەری لەسەر پێستی من هەبوو زۆرجار ناچار دەبووم دەموچاوم بەرگەی مکیاژی نەدەگرت.

## زۆر هونەرمەندی دیکە بۆ رۆڵی زولێخا تاقیکرانەوە

دەربارەی چۆنیەتی هەڵبژاردنی بۆ بینینی رۆڵی زولێخا وئایا بەرجەستە کردنی ئەمرۆڵە کاریگەری هەبووە لەسەر ژیانی تایبەتی لەرووی کۆمەڵایەتییەوە کەتایوون دەڵێ: دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر کارکردن، دەرهێنەر و بەرهەمهێنەران چەندین کچە هونەرمەندی تاقیکردەوە بۆ بینین رۆڵەکە، بەڵام نەگەیشتن بە هیچ ئەنجامێکی باش وهیچ لە ئەکتەرەکان سەرکەوتوو نەبوون لە رۆڵەکە، ئینجا پێشنیاری ئەوەیان کردمن رۆڵەکە ببینم، منیش دوو دڵ نەبووم لە قبوڵ کردنی ئەم رۆڵە ودەرهێنەریش رازی بوو، کارەکانی تۆمار کردنی زنجیرەکەش

**بۆ ماوەی سێ ساڵ لەگەڵ زولێخا ژیام، هەرکاتێک پێویست بوا دەگریام، من ئازارم دەکێشا و دەم ناڵاند، بە دوای(یوسف) دا دەگەڕام**

سێ ساڵی بەردەوامی خایاند ورۆڵەکانیش جیاوازییەکی زۆریان هەبوو ئەمەش تا رادەیەکی زۆر زەحمەت بوو، کاتێك کە بە رۆڵەکە رازی بووم دەمزانی چەند ئاڵۆز و زەحمەتە، بەڵام قەت نەمدەزانی کە پێویستە ئەم هەموو مکیاژە بەکاربهێنم بەتایبەتی لەوسەردەمەی کە زولێخا پیر دەبێت، چونکە پێویست بوو مکیاژێکی وا بەکاربهێنم کەتەمەنم ١٠ ساڵ گەورەتر نیشان بدات ونەمدەزانی بەم شێوەیە مکیاژ لە دەموچاوم دەدرێت کە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر دەموچاوم تا کار گەیشتە ئەو رادەیەی زۆر جار لەبەر زۆری مکیاژ وێنەگرتنمان رادەگرت، چونکە نەمدەتوانی بەردەوام بم بەم مکیاژە زۆرەوە، هەرچەندە بە بێ ئەم مکیاژە رۆڵەکەم وەك خۆی دەرنەدەچوو.

دەربارەی کاریگەریی رۆڵەکەش لەسەر ژیانی رۆژانەی منەوە بەتایبەتی لەبواری کۆمەڵایەتییەوە وەك لەپێشەوە باسم کرد بەشێك لە رۆڵەکە گوزارشتی لە ژیانی کەسێتی من دەکرد، رۆڵی زولێخا بۆ من زۆر تایبەتمەندی هەبوو، زولێخا کەسایەتییەکی تایبەتی وجیاواز بووە بۆیە ناکرێ بڵێم کاریگەری بەسەر منەوە نەبووە، چونکە بێگومان کاریگەری بەسەر هەمووکەسێکەوە هەبووە کە بینیویەتی.

## بێ خۆشەویستی دونیایی خۆشەویستی ئاسمانی درووست نابێت

لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی پێناسەی خۆشەویستی وجیاوازی نێوان خۆشەویستی دونیایی وخۆشەویستی ئاسمانی وخودایی کەتایون دەڵێ: وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە کاتێکی زۆری دەوێت، جیاوازی نێوان ئەم دوو خۆشەویستییە وەك جیاوازی ئەرزو ئاسمانە، بەڵام لەوانەیە بێ تاقیکردنەوەی خۆشەویستی دونیایی خۆشەویستی خودایی یان ئاسمانی بوونی نەبێت، وەك چۆن دەبینین زولێخا لە خودی خۆی و خۆشەویستی دونیاییەوە دەستپێکرد و توانی بگاتە خۆشەویستی خوا.

## بۆ ماوەیەک واز لە نواندن دەهێنم

دەربارەی پرسیارێك سەبارەت بەوەی کە بە رەسمی وبە شێوەیەکی کتوپڕ بڕیاری داوە واز لە کاری نواندن هێناوە، کەتایون دەڵێ : ئەم هەواڵە راستە، بەڵام من بە یەکجاری وازم لە کاری نواندن نەهێناوە،چونکە من پێشتر کاری نووسینم دەکرد وهەر بە نووسینیش دەستم پێکرد وەك کارێکی سەرەکی وکاتێك رووم لە نواندن کرد تا رادەیەك کاروانی هونەری خۆم گۆڕیوە، ئێستاش دەمەوێ بگەڕێمەوە سەر کاری سەرەکی خۆم کە نووسینە ورەنگە نووسین بواری ئەوەم پێ نەدات کە جارێکی دیکە روو لە نواندن بکەمەوە، و هەموو شتەکانیش بە دەست خوایە، بەڵام دەمەوێ ئەوە بە جەماوەر بڵێم کە ئێستا هیچ بڕیارێك لە ئارادا نییە بەوەی کە نواندن بکەم، بڕیاری من ئەوەیە بگەڕێمەوە هەرچۆنێك بێت ئەمە بڕیاری کۆتایی نییە.

## رۆڵی زولێخا زیادەڕۆیی تێدا نەبوو

لە کۆتاییشدا لە وەڵامی پرسیارێك کە لە لای ژمارەیەکی زۆر لە بینەران دروست بوون دەربارەی ئەوەی کە رۆڵی زولێخا بە گشتی زیادەڕۆیی تێدا نەبووە کەتایون (زولێخا) رای جیاواز بوو و دەڵێ : من پێموایە هیچ زیادەڕۆییەکی تێدا نەبووە و ئەمە بۆ ئاستی تێگەیشتن و چێژ وەرگرتنی هەر بینەرێك دەگەڕێتەوە، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێن رۆڵی زولێخا رۆڵێکە کە مێژوویەکی دروست کرد، چونکە زولێخا لە کاروانی ژیانی خۆیدا لە لایەکە و پێویستە یوسفیش بە هەمان کارواندا بڕوات، کەواتە هەردوو کەسایەتییەکە لە ژیاندا ئاوێتەی یەکتر دەبن بۆیە پێویستە چەند گرنگی بە رۆڵی یوسف دەدرێت ئەوەندەش گرنگی بە زولێخا بدرێت.



**پێویستە چەند گرنگی بە رۆڵی یوسف دەدرێت ئەوەندەش گرنگی بە زولێخا بدرێت**

# یارا بۆ گوڵان:

# لەخۆبایی بوون گۆڕستانی هونەرمەندە

یارای کچە گۆرانیبێژی لوبنانی ناوی راستەقینەی کارلای خوشکێك و برایەکی هەیە، خەڵکی ناوچەی دێر ئەلئەحمەرە لە ناوچەی بیقاعی لوبنانی، کچێکی سادە و ساکارە و دابونەریتی رۆژهەڵاتی خۆی پاراستووە و بەسەر هەڵسوکەوت و رەفتاری رۆژانەیدا دیارە و بە ئاسانی هەستی پێدەکرێت وەك خۆی دەڵێ زۆر رقی لە لەخۆبایی بوونە، و حەز دەکات هەمیشە لەگەڵ دۆست و خزمانی بێت و منداڵیشی زۆر خۆشدەوێن، لە بواری هونەریشەوە زۆر لە کارەکانی رازییە.

لە تەمەنی پازدە ساڵیدا هاتۆتە نێوە بواری هونەرییەوە لە رێگای بەرنامەیەکی تایبەت بە دۆزینەوە دەنگە نوێیەکان و توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنیت، یارا خاوەن دەنگێگی رۆمانسییە و بە چەندین گۆرانی لە لایەن جەماوەرە ناسراوە و جێگای خۆی کردۆتەوە گرنگترینیان دیۆیەکی بەناوبانگ بوو لەگەڵ هونەرمەند فەزل شاکر، لە پەیوەندییەکدا یارا بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.



هاندەری بەرازیل و ئەڵمانیام

مۆسیقای کوردی زۆر خۆش و دڵگیرن

*** حەز دەکەین باسی سەرەتای هونەری تۆ بکەین، چۆن دەستی پێکرد؟**

- سەرەتا هاتنە ناوەوەی هونەری من بۆ بەرنامەیەکی هونەری دەگەڕێتەوە، من لە ڕێگای بەرنامەی (جامی ئەستێرەکان)ەوە کە لە سەر کەناڵی ئێڵ بی سی ئاسمانی پێشکەش دەکرێت، لەم بەرنامەیەدا من جامی هونەرمەند سوعاد محەممەدم بردەوە، بەڵام سەرەتای ڕاستەقینەی من بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە لەگەڵ ئاوازدانەری بەناوبانگی لوبنانی تاریق ئەبو جۆدە کارم کرد کە ئەلبوومی (توصی فی)م پێشکەش کرد.

*** تۆ خاوەن دەنگ و بەهرەیەکی هونەری کە هەموو لایەك شایەدی بۆ دەدەن، بەڵام ناوبانگ و دەرکەوتنت وەك پێویست نین هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- من ئێستا هەست دەکەم هەنگاوی زۆرم ناوە بەرەو سەرکەوتن و بوون بە ئەستێرە، بەڵام هێشتا ڕێگایەکی درێژم لەبەردەم ماوە، بەڵام من لە ئاستی خۆم رازیم و سوپاس بۆ خوا کە گەیشتوومەتە ئەو ئاستەی ئێستا، هەرچەندە پێویستە هەوڵی زیاتر بدەم بۆ ئەوەی زیاتر پەرە بە تواناکانی خۆم بدەم .



*** دیوێکی سەرکەوتووت لەگەڵ هونەرمەند فەزل شاکر بە ناوی( خننی معك) پێشکەش کرد بەڕای تۆ سەرکەوتنی ئەم گۆرانییە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- من پێموایە سەرکەوتنی گۆرانییەکە بۆ شیعری خۆش و ئاوازی ڕۆمانسی و بوونی هونەرمەندێکی گەورەی وەك فەزل شاکر دەگەڕێتەوە.

*** تێڕوانینت بەرامبەر بە هونەرمەند فەزل شاکر بەر لە گۆرانییەکە و دوای گۆرانییەکە چۆن بوو؟**

- هەمان تێڕوانینی جارانم بەرامبەری هەیە و نەگۆڕاوە، چونکە فەزل شاکر هونەرمەندێکی گەورە و بەڕێزە .

*** لە یەکێك لە گۆڤارەکانم خوێندەوە کە فەزل شاکر شەرمن بوو بەرامبەر بە تۆ لە گۆرانییەکەدا، ئایا ئەمە ڕاستە؟**

بەڵێ فەزل شاکر زۆر شەرمنە و ڕێز لە هەموو کەسێکی دەوروبەری خۆی دەگرێت.

*** دوای گۆرانی (خننی معك) ئایا بیر لە دیۆیەکی دیکە ناکەیتەوە لەگەڵ فەزل شاکر یان هەر هونەرمەندێکی دیکە بێت؟**

-دیۆ خۆی فەرز دەکات لە ڕێگای ئەو بابەتەی کە باسی تێدا دەکرێت، بێگومان ئەگەر کارێکی باش و گونجاوم پێشکەش بکرێت بۆ نا ئامادەم لەگەڵ هەر هونەرمەندێکی دیکە بێت پێشکەشی بکەم.

*** هەموو هونەرمەندەکان بە نازناوێکی دیاریکراو بەناوبانگن، تۆ بە چ نازناوێك بەناوبانگی و چ نازناوێك زۆر لە تۆوە نزیکە و حەز دەکەی پێی بناسرێی؟**

- نازناو بەلای منەوە زۆر گرنگ نییە، ئەوەی من زۆر بە گرنگی دادەنێم ئەوەیە هونەرمەند چ هونەرێك پێشکەش دەکات کە لەرێگایەوە بتوانێت جەماوەر لە خۆی رازی بکات و دڵیان خۆش بکات بە هونەرەکەی، وەك گوتم نازناز لای من زۆر گرنگ نییە.

*** هەر کەسێك گوێی لە دەنگت بێت هەست دەکات خاوەن کەسایەتییەکی هێمن و گەشبینی بە ژیان، دەکرێ پێمان بڵێی یارا وەك مرۆڤێك چۆنە؟**

- مرۆڤێکی راستگۆم سروشتیم، رۆمانسیم و سروشتم زۆر خۆشدەوێت.

*** خۆت بە چ هونەرمەندێکی ئافرەت بەراورد دەکەیت؟**

- من بە هیچ شێوەیەك خۆم بە هیچ هونەرمەندێکی دیکە بەراورد ناکەم، چونکە هەر هونەرمەندێك شێوازی تایبەتی خۆی هەیە لە گۆرانی گوتن و چۆنیەتی دەرکەوتنی لە بەرامبەر جەماوەرەکەیدا، لە هەمان کاتدا هەر هونەرمەندێك خاوەن جەماوەری خۆیەتی.

*** زۆر لە ئافرەتە گۆرانیبێژەکان روو لە دەرخستنی مێینەتی خۆیان دەکەن لە کلیپەکانیاندا، بەڵام تۆ پێچەوانەی ئەمانە دەردەکەوی، ئایا هۆی چییە تۆ لەم سەردەمەدا بەم شێوەیە دەردەکەوی لە کلیپەکاندا؟**

- من کچی ژینگەیەکی موحافیزکارم، خۆ داپۆشین یەکێکە لە سیفەتە بەرچاو و جیاکەرەوەکانی کەسایەتی من، من گۆرانیبێژێکم کە ئەوەی بە لای منەوە گرنگ بێت تەنیا ئەوەیە کە خەڵك گوێ لە دەنگی من بگرن و هیچی تر.

*** بارودۆخی ئێستا هونەری لە وڵاتی لوبنان بە گشتی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

- کاری باش هەیە لە هەمان کاتدا کاری خراپیش هەیە، بەڵام سوپاس بۆ خوا خەریکە کارە باشەکان هێواش هێواش دەگەڕێنەوە ریزی پێشەوە .





*** ئێستا لە لوبنان تێبینی دوو حاڵەت دەکرێت لە بواری هونەریدا یەکەمیان ئەوەیە هەر کچێك کە جوان بێت روو لە گۆرانی گوتن دەکات، دووەمیشیان ئەوەیە**



**زۆر لە گۆرانیبێژەکان روویان لە بواری نواندن و سینەما کردووە، رات چییە بەرامبەر بەم دوو دیاردەیە؟**

- هەموو مرۆڤێك ئامانجێکی تایبەتی خۆی هەیە لە ژیان، من ناتوانم حوکم لەسەر خەڵك بدەم لەبەر نیاز و ئاواتەکانیان، چونکە ئەمانە کاری تایبەتین بە خۆیانەوە.

*** تا ئێستا هیچ کارێکی سینەماییت پێشکەش کراوە ؟**

- سینەما بۆ من ئێستا کارێکی دواخراوە و بیری لێ ناکەمەوە سەرەڕای ئەوەی زۆربەی ئەو دەرهێنەرانەی کاریانم لەگەڵ کردوون لە ڤیدیۆ کلیپەکان پێیان گوتووم کە من دەتوانم رۆڵی سینەمایی بە تەواوی ببینم و لەو بوارەدا سەرکەوتنیش بەدەست دەهێنم، بەڵام من ئێستا پێشینەم بۆ گۆرانی گوتن داناوە و دەمەوێ گرنگی زیاتری پێ بدەم.

*** هۆی چی بوو بە شێوەزاری کەنداوی گۆرانیت گوتووە، ئایا دەنگی تۆ لەگەڵ ئەم شێوەزارە دەگونجێ یان خۆت حەزت لێیەتی یان هۆکاری دیکە هەبوو؟**

- من دەمێکە عاشقی شێوەزاری کەنداویم، سوپاسی خوا دەکەم کە توانیم گۆرانییەکانی کەنداوی بە سەرکەوتوویی بڵێم بە شایەدی هەموو لایەك و پێش هەمووشیان جەماوەر.

*** چ شتێك هونەرمەند دەکوژێ؟**

- لە خۆبایی بوون.

*** رات چییە بەرامبەر بەم وشانە:**

**- لە خۆبایی بوون:** گۆڕستانی هونەرمەندە.

**خۆشەویستی جەماوەر:** لە رەزامەندی خواوەیە.

**خۆشەویستی:** هۆکاری بەردەوامی ژیانە.

**رق لێبوونەوە:** یەکێکە لە سیفاتەکانی مرۆڤی سەرنەکەوتوو لە ژیان.

**پروپاگەندە:** بێ ماناترین شتە کە بەرامبەر هونەرمەند بگوترێت.

*** ئەگەر هونەرمەند نەبووای چی دەبووی؟**

-گۆرانیبێژ و هیچ تر جگە لە گۆرانیبێژ.

*** لەگەڵ وەرزش چۆنی ؟**

- بێگومان بە شێوەیەکی بەردەوام وەرزش ئەنجام دەدەم.

*** هاندەری چ هەڵبژاردەیەکی تۆپی پێی؟**

- بەرازیل و ئەڵمانیا.

*** چین ئەو خەڵاتانەی کە لە کاروانی هونەریتدا بەدەستت هێناون؟**

- زۆرن گرنگترینیان خەڵاتی باشترین گۆرانیبێژی لوبنانی بۆ ئەمساڵ لە لایەن مۆریکس دۆر.

*** بە پێی هەواڵەکان بڕیار وایە کارێك لەگەڵ هونەرمەند مەروان خوری ئەنجام بدەی ئەم کارە نوێیە چییە؟**

- جارێ باسی ناکەم هەرشتێك لە کاتی خۆیدا.

*** ئایا هیچ زانیارییەکت هەیە دەربارەی هونەری کوردی؟**

- بەداخەوە زانیاریم نییە، بەڵام گوێم لە هەندێك پارچە مۆسیقای کوردی بووە و زۆریش بە دڵم بووە، چونکە بەڕاستی زۆر خۆش و دڵگیرن.

*** هونەرمەندی کوردی چۆن دەتوانێت لە گۆڕەپانی عەرەبیدا ناوبانگ دەربکات؟**

- پێموایە ئەمە مەسەلەی کاتە گرنگ ئەوەیە سور بوونی هەبێت و کۆمپانیایەکی هونەری هەبێت کە کارەکانی لە ئەستۆ بگرێت.